# ئیعدامی سەدام، هەنگاویکە لەراستای رەسمیت دان بەئیعدام وەك سزایەك لەبەرامبەر خەلکی عیراقدا

چاوپێکەوانی دەشتی جەمال لەگەل رادیۆی بی بی سی= لەندەن

ئێوە لەبارەی بەرێوەچوونی سزای اعدام بەسەر سەدام حسین دەڵێن چی؟

ئەوەی ئەمرۆ بەرێوەچوو ئەلقەیەکی ترە لەسیناریووی داگیرکاری وشەری تایفەگەری. ئەمریکا گەرەکیەتی هەستانەوەی شکست ومایەی پوچ دەرهاتنی سیاسەتەکانی لەعیرقدا، بەتۆ لەسەندنەوە لەسەدام حسین و رەسمیەت دان بەسزای ئیعدام لەنیوکۆمەلگای عیراقدا بەدیبهینێ. بیگومان ،سەدام حسین تاوان بارە و دەبێ دادگای بکرێت، من سالّی پار لەکوردستاندا سەرپەرشتی کەمپینێکی بەرفراوانی ئیمزا کۆکردنەوەم بۆ دادگای کردنی سەدام حسین و سەرانی بەعس کرد کەبەهەزاران هەزار کەس لەخەلّکی کوردستان ئیمزایان دا لەم کەمپینە و خوازیاری دادگای کردنی سەدام حسێن و سەرانی بەعس بوون. .بەلام ئەوەی بەرێوە دەچی دورە لەداگایکردنێکی قانوونی وعادیلانە و ئەوە نی یە کە خەلّکی عیراق وکوردستان دەیانەوێت ..ئەمە دادگایکردنێکی سیاسی یە بۆ هەستانەوەی باری حکومەت وحیزبەکەی بۆش لەهەلبژاردنە کانی ئەمریکادا وکۆمەك کردنە بەراگرتنی بالانسی دەست وپیوەندەکانی خۆی لەنیو شیعەکاندا بەدژی باقی خەلّکی تر..

لەم سیناریۆیەدا سەیر ئەوەیە دەولەتانی ئەوروپا پیرۆزبایی لەبەریوەچوونی سزای ئیعدام لەعیراقدا دەکەن کەچی لەولاتەکانی خۆیاندا ئەم سزایەیان لەقانوون و دەستوردا دەرکێشاوە، لەراستی دا ئەمەیە مافی مرۆڤ وستاندارەە ئینسانییەکان لە کۆمەلگای ئەوروپادا. من سەرتاپا دژ بە بەرێوەچوونی حکومی اعدامم لەهەرشیۆێنێکی دنیا بێت، هەربۆیە داوادەکەم کە ئەم هەلّویستە دوو فاقیەی دەولەتانی ئەوروپا ریسوابکەن وریگانەدەن بەوەی سزای ئیعدام لەعیراقدا رەسمی بکرێتەوە، چونکە ئەم سزایە راستەوخۆ دەکرێتە شمشێرێك بەسەر سەری خەلّك و ئازادیخوازانەوە..

ئێوە ئایندەی عیراق چوون دەبینن و خوازیاری چین؟

ئایندەی عیراق پەیوەستە هەرئیستا بەچوونە دەرەوەی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لەعیراق بە گیرانەوەی ئەمنێت بۆ خەلّکی عیراق،خەلّکی عیراق خوازیاری هاتنە سەر کاری دەسەلاتێکی عەلمانی غەیرە قەومی غەیرە دینن ،مافی هاولاتی یەکسان بۆ هەموو عیراقیەکان،ئەمریکا و بەریتانیا هاتوون لەژیر ناوی رزگاری خەلّکی عیراق ،سەرتاپای کۆمەلگایان غەرقی خۆین کردوە ،خەلّکیان دابەشکردوە بەسەر چەند دەستەوتاقمی قەومی شیعی و سوونی و کورد کەهەمووان ئاکامەکانی دەبینین. ئەوەتا شەری مەزهەبی و تایفی رۆژانە لەعیراقدا بەدەیان کەس دەکاتە قوربانی..بەراستی ئەوانەی ئەمرۆ لەعیراقدا لەریگای ئەمریکاوە هاتوونەتە سەر کار زۆربەیان شەریکە تاوانی رژیمی بەعسن ،ئەوانیش دەبێ داگای بکرێن .ئەوان دەیانەویت ئیستبدادی قەومی وحوکمی شەریعەتی ئیسلام بگێرنەوە و تەواوی مافە سەرەتایەکان و مافەکانی ژنان مندالان و لاوان پێشێل بکەن..ریگا چارە ریگای خەلّکی عیراق کۆبوونەوەی خەلّکە بەدەوری کۆنگرەی ئازادی عیراق وبەهێزکردنی ئەم ریکخراوە وئامانجەکانیەتی بۆ دەرپەراندنی داگیرکەران و گیرانەوەی ئەمنیەت و ژیانی مەدەنی بۆ کۆمەلگای عیراق.